# شارستانی دیموکراسی هاوچەرخ و تیۆری گۆڕەپانی سێیەم

لانە هەڵەبجەیی

کۆڵەکە سەرەکیەکانی ئەم شارستانیەتە لەسەر بنەمایەکی دیموکراسی راوەستاوە، گوزارە لە (کۆمەڵگایەکی دیموکراسی، سیاسەتی دیموکراسی، دەوڵەتی دیموکراسی)دەکات.بێگومان بەدەسهێنانی شارستانیەتێکی وەها، پێویستی بە کەسایەتی ئازادو تێگەیشتوو هەیە، کەدوور بێت لەخەون وخەیاڵی پووچ و خۆی رزگار کردبێت لە رۆحێتی تاک و خۆپەرستی مشەخۆری و ساویلکەیی و مامەڵە دۆگماکان.دەرەنجامی بەرهەمی ئەم تاکە بریتی دەبێت لە باڵگرتنی هزرو رۆح بۆ هێزی شاراوەی خۆی و بەرەو سەرکەوتن و، ئافراندنی کۆمەڵگایەکی مەدەنی هاوچەرخ کە لە تیۆری شارستانی ناوبراودا بە گۆڕەپانی سێهەم ناودەبرێت.

گۆڕەپانی سێیەم : گۆڕەپانی سیاسەتی دیموکراسیانەیە، چونکە دیموکراسی بریتیە لەلایەنی سیاسی کۆمەڵگا و، گوزارە لە ئەوە دەکات کە رۆڵی سەرەکی دەبێتە رۆڵی گەل، بالادەستی بنەماڵە و هۆز تێدەپەڕێنێ.بۆ مەدەنی بوونی هەرلایەك تێدەکۆشێ و بۆ هەر پێویستیەك وەڵامە بۆشایی نێوان کۆمەڵگاو دەوڵەت پڕدەکاتەوە، بۆ پێشخستنی تاکەکانی کۆمەڵ تادواڕادە وابەستەیە بەنەریتی رێزگرتن و رازیکردن و سنگفراوانی لەسەر بنەمایەکی ئاشتیانە، هەروەها ئیرادەی سەربەستی تاکەکان ئاشکرادەکات و بەهێزی دەکات.ئەم گۆڕەپانە رۆڵی خوڵقکارترین و نوێترین دەزگا دەبینێ، کە تەواوی رێکخراوە هاوچەرخەکان پێناسە دەکات.لەسەرەتادا پارتی سیاسی چوارچێوەی دیموکراسیەت دیاری دەکات، بۆ ئەو بەهایانەی کە هەمیشە رۆڵی سەرەکی دەبینن لە نێوان کۆمەڵگاو دەوڵەتدا.توانای ئاڵوگۆری نێوان هەردوو دەهێنێتە ئاراوە، بەبێ دامەزراندنی ئەم دەزگا دیموکراسیانە بە هیچ جۆرێك ناتوانرێ باس لە کۆمەڵگایەکی مەدەنی هاوچەرخ بکرێت.چونکە ئەم رێکخراو و دەزگایانە سەربەخۆن و خاوەن ناسنامەی خۆیانن، بەپێی پێویست شێوەبەند دەبن، نەدژی دەوڵەتن و نەبەکرێگیراویەتی، لەژێر فەرمانی داواکاری و پێویستیە مرۆڤایەتیەکاندان، بێگومان رێکخراوە بنەڕەتیەکانی کۆمەڵگاش جێی خۆیان تێدا دەگرن، جیاواز لە کۆمەڵی عەشیرەت و خێڵەکی و بنەماڵەیی و خزم و ناوچە، ئەو تاکانە لەخۆی دەگرێت بە ئەوپەڕی ئیرادەی سەربەستی خۆی بۆتە ئەندامی دەزگاو رێکخراو.ئەندامەکانی ئەم گۆڕەپانە بەپێی ئەرکی دەست نیشانکراو هەڵدەستن بەکارو رۆڵی خۆیان، لەهەمانکاتیشدا بۆهەر نوێ بوونەوەیەك ئامادەن، بەئەرکی نوێ هەڵدەستن، ئەم مۆدێلە بۆ رزگاربوونە لە قەیران و بێ چارەیی و بن بەست بوون، لەهەموو بوارەکاندا سەرەکیترین رێبازی چارەسەری کێشە و قەیرانەکانە، لە ئابووری، سیاسەت، کۆمەڵایەتی، کلتوور و هونەر، ژینگە، وەرزش، یاسا، پەروەردە، ...هتد.

بێگومان گۆڕەپانی (٣)خاوەن پرۆگرامی ستراتیژی و تاکتیکیە، بۆئەوەی زیاتر تیۆری گۆڕەپان ئاراستەی پراکتیزەبوون بکرێت، ئەرك و کار بەپێی بەرژەوەندی کۆمەڵگاو دەوڵەت دابەش دەکات، لەبەرامبەری دەوڵەتیش داکۆکی لەبەرژەوەندی کۆمەڵگا دەکات، بەڵام پابەندن بەهەڵسوڕانی ئاشتیانەوە، هەر لەپارتە سیاسیەکانەوە هەتا رێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان، خزمەتیان بۆ دەکاتە ناچاریەك و لەگەڵ ئەوەشدا هەمووان رووبەڕووی نوێ بوونەوە دەکات، سەرکەوتنی شارستانیەتی ناوبراو لەم خاڵەدایە، سەرکەوتن لە نوێخوازیدا، سەرکەوتن لە پەیڕەوکردنی چالاکی و رێکخستندا، سەرکەوتن لە سیاسەتی دیموکراتخوازیدا بەسەر سیاسەتی بن بەستبوو گەندەڵ.بەم شێوەیە گۆڕەپان دەبێتە سەرەکیترین و بەکاراترین گۆڕەپان، دامەزراو و رێکخراو و دەزگاکانی تادێت چالاك دەبن و هەمەچەشنی بوار هەمەرەنگی چارەسەری گوزارە دەکەن.بۆئەوەش کام هێزو لایەن و رێکخراو و پارت و کۆمەڵ زوو لایەنگری ئەم تیۆرەی گۆڕەپانی (٣)بن گرنگترین رۆڵی مێژوویان دەست دەکەوێت، زووتر دوور دەکەونەوە لە بەکرێگیراویەتی دەوڵەت و داواکاریە نابەجێکانی چین و توێژە سنوردار و بەرژەوەندخوازەکان.دەبێتە سوود بەخشترین دەزگا لەبەرامبەر گەل،

دەوڵەت، کۆمەڵگا، تێکۆشانی خۆی بەرەو سەرکەوتن ڕاپێچ دەکات، لە قەیران و پەرتەوازەیی رزگاری دەبێت، دەگات بە دەرفەت و چارەنووسی چارەسەر ئامێز.چەندە تێکۆشان لە پێناو ڕێبازی ئەم گۆڕەپانەدا بکرێت، ئەوەندەش سەرکەوتن ئەنجامگیر دەبێت.

زیندوو بوونەوەی تەواوی شارستانیەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.وابەستەی ئەم تیۆرەیە (گۆڕەپانی ٣)، چونکە داب و نەریتە باوەکانی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات کەسایەتی خاوەن تواناکانیان دووچاری نامۆیی کردووە، بەرادەیەك نامۆ بووە لەخودی کەسێتی خۆشی.داب و نەریتی باو و کۆنەپەرستیان کردۆتە پێوانەی ژیان، گەوهەرو دینامیکیەتی کۆمەڵگایان پێ ڕزاندووە، دەوڵەتی ناوچەکە وێنەی دەستەڵاتی کلاسیکیان پێوە دیارە، هەتا دووا ڕادە بوونەتە توندوتیژترین ئامڕازی چەوسانەوەی گەلان و کۆمەڵگاکان، ئەم مامەڵە و پێوانەش زیاتر کێشە و قەیرانەکانی ناوچەکەی ئاڵۆزتر کردووە.بۆ چارەسەرکردنی کێشە و ئاڵۆزی کۆمەڵگای بەم شێوەیە تیۆری گۆڕەپانی (٣)ڕاسترین ڕێگایە بۆ گەیشتن بەدیموکراتیزە کردنی کۆمەڵگاو دەوڵەت.بوار و دەرفەتی خۆرزگارکردن لەبێچارەیی دەڕەخسێنێ، هەموو ئەو ڕێکخراو و دەزگایانەی کە ڕوویان لە مشەخۆری کردۆتەوە، رووبەڕووی نوێ بوونەوە و بەرهەم هێنانیان دەکات، تەنها لەم ڕێگایەدا پەیکەری زۆرداری دەوڵەت و کۆنەپەرستی داب و نەریتی کۆمەڵگا دەڕوخێنێ، بۆ سەرلەنوێ کردنەوەی کۆمەڵگاکەمان، پێویستیمان بە پێکهێنانی پرۆگرامی گۆڕەپانی (٣)یە، چونکە کەم و کورتیەکان کەلێن و هەڵەکان دەبینێ و هێزی پڕکردنەوە و راستکردنەوە و چارەسەری تێدا بەجێ دەکات و، بەرەو ئەنجامی سەرکەوتنی دەبات، بەبێ ئەوەی هیچ کۆسپ و تەگەرەیەك بناسێ و ببینێ، بۆ هەموو بوارەکانی کۆمەڵگا خاوەن ڕێنمایی نوێخوازی هاوچەرخانەیە.

1 ــ لە بواری ئابوریدا: بەرهەم هێنان، ڕێکخستن نوێ دەکاتەوە و بەگرنگی دەبینێ، چونکە ڕێکخستنی کۆمەڵگا هزری گرنگ و وەرچەرخان دەخولقێنێ، سەبارەت بەهەرلایەك یەکێتی، ڕێکخراو، سەندیکا، کۆمەڵە، کامپانیا، دەکاتە ناچاریەك بەشێوەیەکی ڕێکخراو.وەك کامپانیای گەشت و گوزار، یەکێتی بەرهەم هێنان، ڕێکخراوی ئەوقاف، یەکێتی بازرگانی و دارایی، سەندیکای کرێکاران...هتد ئەم ڕێکخراو و سەندیکا و کۆمەڵانە لەچوارچێوەی تیۆری پرۆگرامدا دابمەزرێن یاخود نوێ بکرێنەوە ئەوا گەورەترین هێزی وەرچەرخێنەر و بەتوانای کۆمەڵگا دەبن، ئەوکات دەوڵەت و کۆمەڵگای کلاسیك دەکەونە پلەی دووەمەوە لەتوانادا.دەبێت هەموو ڕێکخراو و کۆمەڵ...هتد، خاوەنی ناسنامەی ڕێکخراوی خۆیان بن و، توێژەکانی دیکەش کە خاوەنی ناوەندی جیاوازجیاوازن، پێویستە دەوڵەت و کۆمەڵگا بەهەندیان بگرن و بکەونە نێو ڕێکەوتنەوە لەگەڵیاندا، لەتیۆری ناوبراودا دیموکراسی ترین کۆمەڵگا دەخولقێت.

2 ــ بواری کۆمەڵایەتی: لەچوارچێوەی پرۆگرامدا سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی هەموو لقەکانی کۆمەڵە بەتایبەتی خێزان کەڕووبەڕووی بێ شیرازەیی و بێچارەیی بۆتەوە.دەبێت خێزانەکان ببنە جێگای راستەقینەی پەروەردەی منداڵ و گەنج، رەنگدانەوەی خێزانی پێشکەوتوو و ئازاد و یەکسانی پێوە دیار بێت.پێویستە پەرە بدرێت بە بوارە جیاجیاکانی وەك (شانۆگەری، سینەما، ئەدەبیات، مۆسیقا، شێوەکاری، فلیم، دیکۆمێنت...هتد)پێشخستن و پەرەدان بەم بوارانە رۆڵێکی بەکاریگەرو سەرنج راکێشەری دەبێت، چونکە کاریگەری باش دەکەنە سەر هزر و بیری پێشکەوتنخواز لەکۆمەڵگادا.هەروەها ئاواکردنی هۆڵ و گۆڕەپانی وەرزشی لەهەر جێیەك بەبێ جیاوازی.پێویستە تایبەت بۆ رەگەزی ژن و گەنجان دابمەزرێنرێت، چونکە سەرکەوتنی یەکجارەیی کۆمەڵگا بەدەستی ژن بەدیدێت، حەز و ئاواتەکانی ژنان لەدوای چاخی نیۆلۆتیکەوە ژێرخاك کراون، بۆئەوەی لەنێو شارستانیەتدا خاوەن کەسایەتی و چالاکی بن، پێویستە تێبکۆشن لەپێناو گۆڕەپاندا، دەتوانن کۆمەڵگایەکی یەکسانی و ئازاد دابمەزرێنن، لەم ڕێگەیەشەوە دەبنە پتەوترین کۆڵەکەی کۆمەڵگایەکی مەدەنی.وشیاربوونەوەی ژنان وەکو هێزی پێشەنگی کۆمەڵگا و جێگرتنی لە شانۆی مێژوودا گەورەترین گەرەنتی سەرکەوتنی شارستانی دیموکراسی هاوچەرخە، هەروەها لاوانیش بە ئەندازەی ژنان ئەرکیان

دەکەوێتە ئەستۆ، لاوان زوو دەرک بە پێشکەوتن و نوێ بوونەوە دەکەن، هەمیشە دژی کۆنەپەرستی و دوواکەوتویین، بۆئەوەش دەتوانن زووبەزوو تێبکۆشن لە پێناو پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی نوێدا، دەرەنجامی ئەم تێکۆشانەش دەبێتە پەرەسەندنی تاکی ئازاد.کەئەمەش پێناسەی ئافراندنی کۆمەڵگایەکی ئازادە.چونکە کۆمەڵگاو کلتورێکی تازە زیندوو دەکەنەوە، ئەو تاکە خاوەن توانایانە هەر قابیل بە رێزلێنان دەبن.بێگومان پێکهێنانی ئەم خاڵانە کاریگەری باش دەکەنە سەر تاکەکانی کۆمەڵگا و رێ ئاوەڵا دەکەن بۆ دەستەبەرکردنی کۆمەڵگایەکی مەدەنی هاوچەرخ.

3 ــ بواری یاسا: ئەم بوارە دامەزراوێکە پێویستە بەهیچ جۆرێك دەستبەرداری نەبین، چونکە لەکۆمەڵگای رۆژهەلاتدا تا دواڕادە بێ یاسایی پەرەی سەندووە و زاڵە.بەشێوەیەکی گشتی یاسا لاوازە.پێویستە هەموو رێکخراو، یەکێتی، کۆمەڵە، لەچوارچێوەی تیۆری ناوبراودا خاوەن نوسینگەی یاسای تایبەت بەخۆیان بن، (نوسینگەی سەبارەت بە ماف، تایبەت بە وشیاری یاسایی).پێکهێنانی ئەم بوارە کۆمەڵگا و دەوڵەت پەلکێشی نێو کەش و هەوای دیموکراسی بوون دەکات، پێویستە لەم پێناوەشدا هەوڵبدرێت هیچ لایەك بەبێ ماف نەهێڵدرێتەوە و نوسینگەی تایبەت بەیاسا دەست نیشان بکرێت.بۆ بەدەستهێنانی پێویستە هەوڵی بێوچان بدرێت.

4 ــ بواری سیاسی: پارت و رێکخراوە سیاسیەکان لەهەموو کۆمەڵەکانی دیکە دەزگای بەکاریگەرن بۆ ئافراندنی کۆمەڵگایەکی مەدەنی و گۆڕەپانی سیاسی.لەسەر بنەمایەك دەبێت هەڵگری دروشمی هۆشیاری و زانستی کۆمەڵگا بن.مەرجی تیۆری ناوبراویش بۆ هەرپارتێکی سیاسی ئەوەیە کە خزمەتی کۆمەڵگا بکەن و لەسەر بنەمایەکی زانستی هۆشیاری بکەنەوە، ئەم تایبەتمەندیە تایبەتە بە کۆمەڵگاکانی رۆژهەلات لەرێگای فشاری ئاشتیخوازانەوە سەرکەوتن ئەنجامگیر دەکات.دەوڵەت و کۆمەڵگای کلاسیك ناچاری گۆرانکاری دیموکراسیبوون دەکات، لەم پێناوەشدا پێویستە رێکخراوی ئاشتیخواز دابمەزرێنرێت.ئەرکی سەرەکیان ئەوەیە کە رۆڵ و گرنگی ئاشتی شیبکەنەوە، رێبازی ئاشتیانە دیاری بکەن، ئەم هەنگاوەش بۆ کۆمەڵەگاکان زۆر زۆر پیرۆز و گرنگە، چونکە رابردوو و داهاتوو و ئێستامان هەمووی بە تیۆری شەڕ رازێنراوەتەوە، ژنان و لاوان لەهەموو توێژەکانی دیکە زیاتر ئەم ئەرك و رۆڵیان دەکەوێتە ئەستۆ، چونکە لەهەمووان زیاتر پێویستیان بە کۆمەڵگایەکی ئاشتی ئامێزانە هەیە.دامەزراندنی رێکخراوی ئاشتی خوازانە، دەبێتە یەکەم وەڵامدەری ئاواتەکانیان.کۆسپ و تەگەرە لەبەردەم خەبات و تێکۆشانیاندا وردوخاش دەکات.بۆیە پێویستە ژنان و لاوان لەم پێناوەدا خاوەن رێکخراو و کۆمەڵەی بەهێز بن.

5 ــ بەرگری ڕەوا: بوارێکی سەرەکی و گشتی گۆڕەپانی (٣)یە.دەبێت بەراستی هەڵبسەنگێنرێت.دەرک بە پێویستی بوونی بکرێت.لەسەر ئەو بنەمایەش بخرێتە عەمەلەوە بەتایبەت بۆ کۆمەڵگای رۆژهەلات گرنگە، چونکە هەمیشە هەڕەشە و هێرشی دەوڵەت و کۆمەڵگای کلاسیك لە ئارادایە، لەبەرئەوەی دام و دەزگا و دەسەڵاتی زۆرداری دەوڵەت سنووربەند دەکرێ و دەرفەتی پەیرەوکردنی تەسك دەکرێتەوە.داب و نەریتی کۆن و باوی کۆمەڵگاش رووبەرووی لەناوچوون و بایەخ پێنەدان دەبێتەوە، بۆئەوەش زووبەزوو تیۆر و پرۆگرامی گۆڕەپانی (٣)کە دامەزرێنەری کۆمەڵگای مەدەنیە قبووڵ ناکەن، بۆئەوەش پێویستە بەرگری رەوا وەك مافێکی دەست لێبەرنەدراو بێت.مافێکی یاساییە، تێگەیشتن لەناوەڕۆکەکەی خاڵێکی گرنگە، پێویستە رێکخراو و کۆمەڵە و سەندیکاکان لە پێناو مافی خۆیاندا لەسەر بنەمای مافی بەرگری رەوا راپەرین، خۆپیشاندان، کۆبونەوەی شەرمەزاکردن وپرۆتێستۆ و، بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی نارەزایی دەربرِن.وە هەتا ئەگەر دەرگای یاسا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان داخراو بوو، دەتوانن لەچوارچێوەی بەرگری رەوادا (بەرخۆدان)ی درێژخایەن و کورتخایەن هەڵبگیرسێنن بەپێی هەلومەرجی بارودۆخەکە.بێگومان ئەم بەرخۆدانیەش نایەتە مانای یاخیبوون، بەڵکو داواکاری مافی رەوا و یاساییە.تێنەکۆشان لە پێناو مافدا بەمانای گەورەترین تاوان دێت لەبەرامبەر یاسا.ئەرکی هەموو مرۆڤێکە لەپێناو مافی رەوای خۆیدا تێبکۆشێ، ئەمەش گەوهەری دادوەری و یەکسانی

www.kurdistannet.org

**یاسایە.ئەوانەی داوای مافی خۆیان ناکەن، مافی خۆ بە مرۆڤ زانینشیان نییە.چونکە ماف خاڵێکی گرنگی دامەزراندنی کۆمەڵگای مەدەنیە و ئاواکردنی شارستانی دیموکراسی هاوچەرخە.**

**بێگومان ئافراندنی کۆمەڵگایەکی مەدەنی هاوچەرخ وەك لەسەرەوەش ئاماژەمان پێکرد بەکەسێتی شارەزاو بلیمەت بەرێوە دەچێت.دەبێت لە گەوهەری پرۆگرام تێبگات.خاوەن تێگەیشتنی ئایدیۆلۆژی هەتا بواری تەکنەلۆژی بێت، پێویستە ئەکادیمیا و، مەڵبەندی بەتوانا دابمەزرێنن، کە بتوانن هەموو بوارەکانی فەلسەفە، ئیلاهیات، مێژوو، یاسا، زمان، هونەر، زانست، وەرزش، ئابووری، راگەیاندن و بڵاوکردنەوە لەخۆی بگرێت.تەنیا لەم جێگایانەدا کادری بەتوانای دامەزرێنەری کۆمەڵگای دیموکراسی هاوچەرخ پێ دەگات، چونکە ئیدی سیستەمی پەروەردەی گشتی دەوڵەت و کۆمەڵگا، ئەم توانایەی نەماوەو کادرو قوتابی بەئەزموون و بەتوانا بەرهەم ناهێنێ.**

**بەکورتی تیۆری گۆڕەپانی (٣)دامەزرێنەری کۆمەڵگای مەدەنی هاوچەرخ، یەکەم کۆڵەکەی پتەوی شارستانی دیموکراسی هاوچەرخە لەرۆژهەڵاتی ناوەراستدا.**

www.kurdistannet.org